## حکوومەتی کوردستان

کتێبی *"حکوومەتی کوردستان (ڕێبەندانی ١٣٢٤ – سەرماوەزی ١٣٢٥) – کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا"* نووسینی کاک نەوشیروان مستەفا ئەمین گەرچی بە گشتی باسی سەرهەڵدان و هەرەسی کۆماری کوردستان لە مەهابادە، بەڵام بە شێوەیەک دەکرێ درێژەی مێژوویی پەیوەندییەکانی کورد بێت لەگەڵ عەجەم، کە لە کتێبی "کورد و عەجەم" دا *(بڕوانە ئاڵقەی پێشووی ئەم زنجیرە وتارە)* لە نێوان سەردەمی سەفەوی و حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەوی کەوتبوە بەر باس و لێرەدا بە حکوومەتی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی درێژە پەیدادەکات. کتێبەکە پشتی بە گەلێک بەڵگەنامەی کوردی و فارسی (و عەرەبی) بەستوە.

سەبارەت بە بۆکان لەم کتێبەدا، گەلێک بابەت هەن کە هەڵبژاردن و جیا کردنەوەیان لە بابەتەکانی تر ئەستەمە، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆمار و هەرەس هێنانیان بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆکان یا کەسانی خەڵکی ناوچەی بۆکان دەگرنەوە - جا لە دامەزران و دەسپێکیەوە بگرە تا هەرەس و ڕاونان و ئیعدام.

ئەگەر بمویستایە ژمارەی لاپەڕەی سەبارەت بە بۆکان لە کتێبەکەدا دیاری بکەم، دەبوایە لیستەیەکی دوور و درێژم پێک بهێنایە و بەم بۆنەیەوە خۆم لێگرت. بەڵام بۆ نووسینی مێژووی بۆکان لەو سەردەمەدا مێژوونووسانی دوارۆژ دەتوانن وەک سەرچاوەیەکی باشی زانیاری کەڵک لەم کتێبە و ئەو سەرچاوانەی وا لە پەراوێزی ٧ بەشی کتێبەکەدا نووسراون کەڵک وەربگرن.

هەواڵێکی سەرنج ڕاکێشی ناو کتێبەکە سەبارەت بە دامەزرانی ئیزگەی ڕادیۆی مەهابادە، لە ١٣٢٥/٠٢/١٠= یەکەمی مانگی مەی ١٩٤٦ (ڕۆژی کرێکار)، کە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٤٣ ڕاگوێزراوە و من بەراوردم لەگەڵ ڕۆژنامەکەش کرد و ڕاست بوو.

لەوێدا باسی ئەو وتارانە دەکرێت کە بۆ کرانەوەی ئیزگەکە دراون و جگە لە نەمران سەید محەمەد تەهازادە و حاجی بابە شێخ و..."<u>جەنابی قازی محەمەد لە لایەن کومیتەی لکی بۆکان [ی حزبی دیموکراتی کوردستان]</u> و ئاغای [ابراهیم] سەلاح لە لایەن هێزی کوردستان... <u>وتاریان پێشکەش کرد</u>".

نوێنەرایەتی پێشەوا بۆ لکی بۆکانی حزب بابەتێکی گرنگە و تائیستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا ڕەنگی نەداوەتەوە.

نەوشیروان مستەفا ئەمین، "حکوومەتی کوردستان (ڕێبەندانی ١٣٢٤- سەرماوەزی ١٣٢٥)- کورد لە گەمەی سۆڤیەتی دا"، چاپی یەکەم، ناشر ؟، شوێن ؟، ١٩٩٣، کوردی، ٢٨٨ لاپەڕە.